# ژیان و سەرەتای کاری سیاسیی
# مام جەلال (١٩٣٣- ١٩٧٥)
## (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)

م.ی. کێوان جەبار عەبدوڵڵا          پ.ی.د. هۆشمەند عەلی مەحمود

بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

kaiwan.jabbar@koyauniversity.org          hoshmand.ali@koyauniversity.org

**پوختەی توێژینەوە:**

مام جەلال یەکێکە لە کەسایەتیە دیارەکانی کورد، کە لە مێژووی هاوچەرخدا ڕۆڵێکی کارای هەبووە. هەر لە سەرەتای پێگەیشتنیەوە کەسایەتی دەرکەوتووە و لە قۆناغە سەرەتاکانی ژیانیدا نیشانەی ڕۆشنبیری و سەرکردایەتی تێدا بەدی کراوە بە هۆکاری چالاکییە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی.

هەرچەند مام جەلال وەک دەستپێکی خەباتی سیاسی لە ناو ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە دەست پێدەکات بە کاریگەر بوون بە بیری (ماویزم) لە سەرەتادا وەک بیرێکی نوێ بۆ خەبات و بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی گەلی کورد، کە دەکرێ بوترێ و پەی بردنی مام جەلال و ئاگادار بوون لە گۆڕانکارییەکانی جیهان وەک وریایی و زیرەکی لێکبدرێتەوە کە لە دواتردا ئەو جۆرە بیرکردنەوە دەبێتە هۆکاری ناکۆکی لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی و دروست بوونی (مەلایی و جەلالی)، بەڵام مام جەلال لە ڕووی کردارەکییەوە زیاتر لە دوای شۆڕشی ئەیلولەوە (١٩٦١-١٩٧٠) دەردەکەوێت بە هۆکاری هەست

کردنی زیاتری بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە نەتەوەکەی، کە شۆڕش لە کوردستان کۆتایی هاتووە لەم دۆخە ناهەموارەدا کە گەلی کورد هیچ هاوپەیمان و دۆستێک شک نابات ئەو جارێکیتر شاخەکانی کوردستان دەکاتە پەناگەو سەنگەر بە دامەزراندنی پارتێکی سیاسی نوێ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی لە باشوری کوردستان بە ناوی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) لە ساڵی ١٩٧٥ دا، کە لە ڕێگەیەوە گەلی کورد جارێکیتر ئومێد و ئاواتەکانی زیندو بوونەوە و خەباتی سیاسی و چەکداری جارێکیتر دەستی پێکردەوە، کە بە (شۆڕشی نوێ) ناسرا.

**وشە سەرەکییەکان:** جەلال تاڵەبانی، ڕۆڵی سیاسی، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، شۆڕشی ئەیلول.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە کە لەسەر ژیان و ڕۆڵی یەکێک لە کەسایەتیە سیاسی و کاریگەرەکانی مێژووی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە و جێ پەنجەی بە ڕوونی دیارە لە خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشی گەلی کورد لە باشوری کوردستان و تەنانەت ئەو ئەزموونەی ئێستای کوردستان و دروستبوونی عێراقی نوێدا ئەویش کەسایەتی و ڕۆڵی سیاسی (مام جەلال)ە، کە بێگومان توێژینەوە لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری ئەم کەسایەتییە گرینگە، بەهۆی کەمی توێژینەوە یاخود نەبوونی توێژینەوە لەسەری زیاتر بابەتەکە بەپێز دەکات و گرینگی زیاتر بە بابەتەکە دەبەخشێ ئەمە سەرەڕای باسکردن و شرۆڤە کردنی بیری سیاسی ئەم کەسایەتییە دەتوانرێ سوودی لێ ببینرێ لە زیاتر بەرەو پێش بردنی دۆزی کورد.

لە ڕاستیدا کارکردن لەسەر ڕۆڵی سیاسی مام جەلال خۆی لەخۆیدا لە ئێستادا پێویستییەکی سەرەکییە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە

ئـەم کەسـایەتییە لـەماوەی ژیانیـدا ڕووبـەڕووی ئاسـتەنگی گـەورە و بـاردۆخی سـەخت و کێشـەی زۆر بۆتـەوە، بـەڵام زۆر بـە سـانایی بەسەریدا زاڵ بووە، توانیویەتی ناکۆکییە گەورەکان ژیرانە چارەسەر بکات بەشێوازێک کە یاری و نەیاری شاهێدی ئەوەی بۆ دەدەن کە مام جەلال هۆکاری کردنەوەی گرێ کوێرەکان بووە و هزرو فکری ئەوەندە فراوان بووە کە لای ئەو شتێک نەبووە بەناوی کێشەوە.

ئـەم توێژینەوەیـە جـەخت دەکاتـە سـەر ژیـان و کەسـایەتی و سەرەتای کاری سیاسی مام جەلال لە ماوەی ساڵانی (١٩٣٣-١٩٧٥)، کـە بەیـەکێک لـە قۆناغـە هـەرە گرینگـەکانی مێـژووی کـورد و عیـراق دادەنرێت و کـە چەندین ئاریشـەی گـەورە و ڕووداوی سیاسـی زۆری تێدا هاتۆتە کایەوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی کە ڕۆڵی سیاسی مام جەلال لەو ماوەیەدا بەوردی بخرێتە ڕوو تیشکی بخرێتە سەر.

ئـەم توێژینەوەیـە لەسـەر بنـەمای ڕێبـازی مێـژووی گێـڕانەوە و شـیکاری داڕێـژراوە، ئەمـەش بـەهۆی ئـەوەی کـە زیـاتر توێژینەوەکـە شرۆڤەو لێکدانەوەی ڕۆڵی سیاسی (مام جەلال)ە لەو قۆناغە مێژووییە گرینگە و پڕ بایەخەدا لە مێژووی گەلەکەماندا.

لە ڕاستیدا کارکردن لەسەر ئەم کەسایەتییە کارێکی ئاوا ئاسان نییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە بابەتەکە بایەخی زۆر زیاترە، بەڵام ئەو کێشانەی کە ئێمە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕوومان بۆتەوە زۆری بیروباوەڕی جیاوازی کەسایەتییەکانی دەروبەری (مام جەلال)ە، کـە هـەر یەکـەیان بـە شـێوازێک باسـی ئەو مـاوەیەی کـردووە، ئەمـە سـەرەڕای وەرگرتنی بیروڕای کەسـانی دژبـەرو پێچەوانـە، کـە ئەمـەش پێویستی بە وردەکاری زۆر بوو هاوکات لەگەڵ دەستکەوتنی بەشێک لە سەرچاوەکان.

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوە زانستییەدا چەندین سەرچاوەی بە

پێز و گرینگ و پڕ بایەخ بەکار هاتوون، کە هەریەکەیان لە ڕووی زانستییەوە خاوەن بەها و بایەخی گەورە بوون بۆ ئەم توێژینەوە زانستییە، لە گرینگترینیان بریتییە لە بیرەوەرییەکانی (مام جەلال) (دیداری تەمەن کە لەلایەن سەڵاح ڕەشیدەوە ئامادەکراوە)، (کردستان والحركة القومية)، هەروەها پەرتووکەکانی نەوشیروان مستەفا ئەمین (پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) هاوکات پەرتووکەکانی (مەسعود بارزانی) بەناوی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)، (بۆ مێژوو)، لەگەڵ ئەمەشدا پەرتووکی (هەڤاڵ کوێستانی) و (ئەو کاتەی نیشتمان هی هەموان بوو)، پەرتوکی (سەڵاح ڕەشید، شەڕی ناوەخۆیی کورد)، هاوکات پەرتووکی (لەبری بیرەوەری) کە لەلایەن (مەلا بەختیار)ەوە نووسراوە، ئەمە سەرەڕای هەریەکە لە یاداشتەکانی (موحسین دزەیی و پشکۆ نەجمەددین و مامۆستا جەعفەر)، سوودی زۆرمان بینیوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەر و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، کە لە تەوەری یەکەم ئاماژە کراوە بە بنەماڵەی مام جەلال و ژیان و قۆناغەکانی خوێندنی، تەوەری دووەم کەسایەتی و بیری سیاسی مام جەلال، تەوەری سێیەم سەرەتای کاری سیاسی تاکو ساڵی ١٩٧٥، کە تیایدا بە وردی جەختکراوەتە سەر ڕۆڵی سیاسی و نەتەوەیی ئەو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بە شێوازێکی شیکاریی پوخت لە ڕوانگەی پێوەرە زانستییەکان.

## تەوەری یەکەم

## بنەماڵەکەی و ژیانی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندنی:

جەلال تاڵـەبانی ناسـراو بـە مـام جەلال تاڵەبـانی (کـوڕی شـێخ حیسامەدین) کوڕی شێخ نورڵلای شێخ نوری کوڕی شێخ غەفووری (شێخ ئەحمەدی تاڵەبانییە)، دایکی ناوی (خەدیجە حسێن ڕەسول) بووە لـە هـۆزی مـەنگوڕ، لـە دایک و بـاوکی خـۆی تاقانـە بـووە و تـەنها دوو خوشکی هەبووە بەناوەکانی (جەمیلە و فەوزیـە)، بەڵام لـە دایکەوە دوو بـرا و خوشـکێکی تـری هـەبووە بـەناوەکانی (حمـە سـاڵح و جـەنگی و مریەم) (قانعی فەرد، ٢٠١٣، ٩٢-٩٣؛ برایم، ٢٠١٩، ١٢).

هۆکاری ناونانی مام جەلال دەگەڕێتەوە بۆ ناوی مـامی بـاوکی بـە ناوی (جەلال)، لە ڕێکەوتی (٧/١/ ١٩٣٣) )(لە گوندی (کەلکان)ی قەتپاڵی چیـای کۆسـرەت لە دایکبـووە، کە دەڕوانێتە دەریـاچەی دوکـان (مـوس، ٢٠١٧، ١٧)، بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی، کە بەرەبابێکی هۆزی گەورەی زەنگەنەیە. چەند سـاڵێک تەمەنـی منداڵی لە گوندی کەلکان بەسەر بردووە و دواتر باوکی لە کۆیە، بووە بە ڕێبەری تەکـیەی تاڵەبـانی، بـەم هۆیـەوە لـە سـاڵی١٩٤٠ لە شـارۆچکەی کۆیـە نیشتەجێ دەبن و تەمەنی منداڵی تـا کۆتـایی قۆنـاغی دواناوەندی لـەوێ بەڕێ دەکات (غەمبار، ٢٠١٦، ٢٢- ٢٤).

مـام جەلال خێزانـداربووە و لـە سـاڵی ١٩٦٧ ژیـانی هاوسـەرگیری پێکهێنـاوە لـەگەڵ (هێـرۆ ئیبـراهیم ئەحمـەد) و لـە سـاڵی ١٩٧٠ دا گواسـتویەتیەوە. خـاوەنی دوو کـوڕە بـە ناوەکـانی (بافـل) و (قوبـاد) (موس، ٢٠١٧، ٢٧).

لە تەمەنـی منداڵیـدا وەک کەسـێکی دیـار لە نـاو هاوڕێکـانی دەرکەوتوە و هەروەک ڕابەری سەید برایم دەڵێت: "لە کاتی یاری کردن هەمیشـە وتـویەتی کـێ لەگەڵ مـنە نەک مـن لەگەڵ کـێم"، ئەوەش

گەیەنەری ئەوەیە لەو کاتەوە ڕۆڵی سەرکردەی تێدا بینراوە، هەروەها دەڵێت: "لە چنارۆکی کۆیە پێیان وتوە دەم و چاوت بشۆ ئینجا نان بخۆ وتویەتی نایشۆم، هەڵیانگرتوە و دەم وچاویان شوشتوە دواتر چووە دەست ودەم وچاوی بە قوڕ کردۆتەوە... دووبارە ویستویانە بشواتەوە هەر ڕازی نەبووە و تویەتی تەنها یەکیان دەشۆم ئەوانیش پێیان وابووە بە بێ بەکار هێنانی دەستی ناتوانێ دەموچاوی بشوات، وتویانە باشە بڕۆ دەموچاوت بشۆ ئەویش سەری خستۆتە ناو حەوزە ئاوەکەو تەنها دەموچاوی شوشتوە و وتویەتی نەمووت تەنها یەکیان دەشۆم" (برایم، ٢٠١٩، ١٣،١٤)، ئەمەش دووپاتی ئەوەیە کە هەر لەسەرەتای منداڵییەوە سوور بووە لەسەر بیر و ڕایەکانی خۆی.

لە شارۆچکەی کۆیە چۆتە قوتابخانە و لە قوتابخانەی (اولی) سەرەتایی و لە ساڵی (١٩٤٦-١٩٤٧) بە سەرکەوتوویی خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە) (خوێندکارێکی زیرەک و لێهاتوو بووە، دواتر لەساڵی (١٩٤٧- ١٩٤٨)هەر لە کۆیە چۆتە قۆناغی ناوەندی و توانیویەتی بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناغەی خوێندنیش لە (دواناوەندی کۆیەی کوڕان) لە ساڵی (١٩٥٠-١٩٥١) تەواو بکات، بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی ڕوو دەکاتە شاری هەولێر، بەڵام لەو کاتەدا بەهۆی کاری سیاسی کاتێک لە ساڵی ١٩٥١ گەڕاوەتەوە بۆ کۆیە لەوێ دەستگیر کراوە و دادگایی کراوە، دوورخراوەتەوە بۆ شاری موسڵ، دوای ئازادکردنی بە فەرمانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوو دەکاتە شاری کەرکوک و لەوێ قۆناغی ئامادەیی لە (ئامادەیی کەرکوکی کوڕان) تەواو کردوە) ( (شێخ موس، ٢٠١٧، ١٩)، هەرچەندە لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی زانستی بەر لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی بۆ ماوەی دوو هەفتە گیراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، لەو بارەیەشەوە (گەلاوێژ ساڵح) لە بیرەوەرییەکانی دەڵێت:" مام جەلال ئەوکاتە

خوێندکاری دواناوەندی بوو بەو منداڵییەش ناوی هاتبوو کە سبەی ئەچن بۆ خویندنگەکەیان وئەیان گرن، دایکم بەپەلە چووە دەرەوە لەماڵ درەنگ هاتەوە وتی ماڵەکەم دۆزییەوە لە قەلآ و بە مام جەلالم وت، مام جەلال وتی بە مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) بڵێ بچین بۆ مەکتەب باشترە، چونکە ئەگەر نەچین ئەبێ ئیتر خۆمان بشارینەوە مەکتەبەکەمان لەکیس ئەچێت و لەم ڕۆژانە ئیمتیحانی زۆرمان هەیە" (گەلاوێژ، ٢٠٠٩، ١١٨)، ئەمەش گرینگی پێدانی مام جەلال دەسەلمێنێ بۆ زانست و زانیاری کە ئامادە بووە بەند بکرێت، بەڵام خوێندنەکەی لەکیس نەچێت. دواتر سەرکەوتووانە توانیویەتی ئەم قۆناغەش ببڕێت، کۆنمرەی (کۆلیژی پزیشکی) بە دەست هێناوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی لەوکاتەدا بۆ خوێندن لە کۆلیژی پزیشکی پێویست بوو پاکێچی ڕەوشتی، کە بەڵگەنامەیەکی فەرمی بوو بۆ وەرگیران لە کۆلیژ وەربگرێت، بەڵام (مام جەلال) دووجار گیرابوو بۆیە ئەستەم بوو ئەم بەڵگەنامەیەی پێ بدرێت، ئەمەش وایکرد لە کۆلیژی یاسا بخوێنێت (یحیی، ٢٠١٤، ٧).

دوای وەرگیرانی لەکۆلیژی یاسا لەساڵی ١٩٥٦ بە هۆی کارەکانی لەگەڵ یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لە خوێندن دوور دەخرێتەوە تا ساڵی ١٩٥٨، پاشان بەهۆی گۆڕانکاریی لەسیستەمی حوکم لەعێراق دەگەڕێتەوە و لەساڵی ١٩٥٩ کۆلیژی یاسای تەواو کردووە) ( هەر چەند مام جەلال بڕوانامەی لە بواری یاسا بەدەست هێناوە، بەڵام بەهۆی کاری سیاسییەوە کاری پارێزەرایەتی نەکرد و تەنها لە یەک داوا نەبێت ئەویش لە کاتی دادگایی کردنی (ئیبراهیم ئەحمەد)، کە تەنها وەک خۆبەخشێک ناوی خۆی نووسیوە لەگەڵ چەند پارێزەریکی تردا (شێخ موس، ٢٠١٧، ١٩-٢٠).

مام جەلال بەهۆی کاری سیاسییەوە نەیتوانی قۆناغەکانی خوێندنی

بالا تەواو بکات، بەلام دکتۆرای فەخری لەزانکۆی کۆیە لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/١٠/١١) پێدراوە بەهۆی پاڵپشتی بۆ زانست و زانستخوازی) کە خۆی دامەزرێنەری ئەم زانکۆیەکەیە و لە (٢٠٠٣/١٠/١١) لە مەراسیمێکی شایستەدا بەردی بناغەی لەبناری چیای هەیبەت سوڵتان لە کۆیە داناوە (دەشتی، ٢٠٢٠، ٦٥-٧١).

## تەوەری دووەم

## کەسایەتی و بیری سیاسی مام جەلال:

بیری سیاسی مام جەلال لە سەرەتای تەمەنی لاویەتیەوە لە هەڵس و کەوتەکانی ڕەنگی داوەتەوە، بە جۆرێک بووە کە بەردەوام گرینگی بە خوێندنەوەی پەرتووک داوە، وەک سەرچاوەی هۆشیاریی نەتەوەی کورد لێی ڕوانیوە، چ لەشاخ بووبێت یان لەشار ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە گرینگیدان بە کولتوری کردنی خوێندنەوەی پەرتووک (فیاض، ٢٠١٧، ٤٦).

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکەی بریتی بووە لە داکۆکیکردن لە بەها مرۆڤایەتییەکان، کە (مام جەلال) لە ناخیدا باوەڕی تەواوی بە(مافی مرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری) هەبووە وەک چەمکێکی بەرزی مرۆڤایەتی، هەمیشە جەختی لە پرنیسیپی (ئازادی) دەکردەوە، کە مرۆڤ ئازادە لەژیانیدا بە مەرجێک نەبێتە هۆکاری تێکدانی ئازادی ئەوانی دیکە، بۆیە بەردەوام جەختی لە بەها مرۆڤایەتییەکان و بەرەو دیموکراسی چوونی حکومەت و کۆمەڵگا دەکردەوە، وەک یەکێک لە بنەماکانی بەرەو پێش چوونی دۆزی کورد (محمد، ٢٠١٥، ١٨-١٩).

لەگەڵ ئەمەشدا سیمایەکی تری کەسایەتی لێبوردەیی بووە، ئەگەرچی زۆرێک لەو کەسانەی نزیکی ئاماژە بەوە دەکەن کە کاتێک

تووڕە بووە لە بابەتێک نیگەرانی زۆر بە ڕووخسارییەوە دیار بووە، بەڵام دواتر بەلێبوردەیی مامەڵەی کردوە، هەوڵیداوە ئەو شتانە لەبیر بکات و بە لێبوردەیی زۆرەوە دەرکەوتووە و مامەڵەی کردووە، کە ئەمەش زیاتر ئەوی ئازیزکردوە لەلای هاوڕێکانی (فیاض،٢٠١٩، ٣٤).

مام جەلال کەسێک بووە دەم بەخەندە و خاوەنی چەندین قسەی نەستەق و خۆش بووە، بە شێوازێک لەهەر دانیشتنێک یاخود چاوپێکەوتنێک بووبێت هەوڵیداوە (نوکتەیەک) قسەیەکی خۆش بکات، ئومێد بە بەرامبەرەکەی ببەخشێت و بیانخاتە پێکەنین، کەئەمە لە ژیانی ئەودا بەئاشکرا هەستی پێ کراوە، لای گرینگ نەبوو چەند ئەم کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنانە فەرمین یاخود چەند بینەری هەیە، بەڵکو هەوڵیداوە بە قسەیەکی خۆش شادی بخاتە سەر دڵی دەوروبەرەکەی، کە ئەمەش وایکردبوو لە ناوەوە و دەرەوە کەسانێکی زۆر سەرسام بن بە کەسایەتیەکەی (برایم، ٢٠١٩، ٢١).

مام جەلال ئومێدی گەورەی هەبووە، شکست و کەوتن نەیتوانیوە، کە وا بکات ئەم ئومێدە گەورانەی بکوژێت، لەم ڕێگەوە توانیویەتی ئومێد و هیوای گەورە ببەخشێتەوە و لەوپەڕی نائومێدیدا ئاگری ئومێدی هیوای گەورە و هەڵاتنی ئاسۆی گەش هەڵ بکات و خەڵک لە دەوری خۆی و بەرنامەکانی کۆبکاتەوە، کە ئەمەش لە وتارە پڕ گڕوتینەکانیدا بە ڕوونییەوە دەردەکەوێت، کە هەمیشە جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئاسۆی ڕوون و گەش و ئایندیەیەکی پڕشنگدار لە پێشماندایە وەک گەلی کورد و گەلی عێراق (اوسی، ٢٠٠٨، ١١٩).

یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی (مام جەلال) بریتی بووە لە هونەری کۆکردنەوەی سەرجەم بیروڕا جیاوازەکان و قبوڵکردنی یەکتر، کە ئەمە زۆرێک لە سەرکردە گەورەکانی تووشی سەرسامی کردبوو، کە هەمیشە بە بنەمای ئاشتی دەوڵەتی عێراقیان

دەزانی، ئەوەی کە دەیتوانی لە عێراق لە نێوان لایەنەکان بیکات و ئەو سیاسەتەی کەمایەی ڕەزامەندی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بوو بە وڵاتە دژ بە یەکەکانیش (أوسی، ٢٠١٨ ، ١٣٢).

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەسایەتیەکی زیرەک و لێهاتووی هەبوو کە دەیتوانی زۆر بەئاسانی گۆڕانکارییەکان بخوێنێتەوەو بە شێوازێک کاری تێدا بکات لە بەرژەوەندی بیروباوەڕەکانی و نەتەوەکەی وەبەرهێنانی تێدا بکات، ئەو هەمیشە بەرژەوەندی گشتی لە سەرووی بەرژەوەندی خۆی دەبینی و وەفادار بوو بەرامبەر ئەوانەی هاوکاریان کردبوو، ڕابردووی خۆی لە بیر نەکردبوو، ئەو دۆستایەتییەی هەیبوو دەیپاراستن و بەهێزی دەکرد (ڕەشید، ٢٠١٩، ٣٤).

مام جەلال کەسایەتییەکی بوێر بووە لە بڕیاردان و بیرێکی بەهێزی هەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر دووربین و وردبین بوو لەژیانی خۆیدا، دەستکراوە بوو بۆ هەموو ئەوانەی پێویستییان بەهاوکاری ئەو بوو، ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە ناردنی دەیان کەس بۆ تەواو کردنی خوێندن لە ئەوروپا لەوانە (هۆمەری دزەیی) ئاماژە بەوە دەکات کە خۆشەویستی بۆ زانست ئەوەندە زۆر بوو بەردەوام هانی دەداین کە بچینە دەرەوە بڕوانامەی بەرز بەدەست بهێنین(دزەیی،٢٠١١، ٦٢)، کە ئەمەش زیاتر دووربینی ئەو دەردەخات کە پێی وابوو لە داهاتوودا خزمەت بە دۆزی کورد بکەن.

بە بیروڕای ئێمە کەسایەتی (مام جەلال) کارێزما بووە، کە ئەمەش بە هۆی ئەوەی خاوەنی بیروهزرێکی گەورە و کەسایەتییەکی ناوازە بوو لە مێژووی کورد، کە خاوەنی لێبووردەیی و زیرەکی و کەسایەتییەکی قبوڵکراو و سەرچاوەی کۆکەرەوەی ناکۆکییەکان و ڕاگری بیروڕا جیاوازەکان و سەرچاوەی چارەسەر بووە، تا ئێستاش نەتوانراوە جێگە و قورسایی سیاسی چ لەناو کورد و چ لەسەر ئاستی

عێراقیش پڕبکرێتەوە، بەردەوام سەرکردەکان لە بۆنە جیاوازەکاندا پێویستی هەبوونی بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای کورد و عێراق بە پێویست دەزانن.

بە هۆی پەیوەست بوونی بە خوێندنەوە و گرینگیدان بە زانست و زانیاری ئارەزووی زۆری بۆ نووسین و بڵاوکراوە هەبووە، لەم ڕوانگەیەوە چەند بەرهەمێکی لە دوای خۆی جێهێشتووە کە لە ڕاستیدا بەهای زانستی گەورەیان هەیە وەکو پەرتووکی (بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستان)، کە تییاندا وەڵامی بەشێکی زۆری پرسیارەکانی ئێستەی لەبارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی داوەتەوە، ڕاشکاوانە ئاماژەی بە زانیارییەکان کردوە و ئاماژەی بە جیۆپۆلۆتیکی کوردستان کردووە، کە خاوەن ستراتیژیەتێکی گرینگە، هەر ئەمەش وای کردووە چاوی وڵاتانی زلهێزی لە سەر بێت و دابەشی بکەن، پاشان ئاماژەی کردوە بە هەموو خەبات و جوڵانەوە نەتەوەییانەی کە لە کوردستان بە درێژایی مێژوو لەپێناو ڕزگاری و ئازادی و گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافەکانی ڕوویانداوە لە بەرامبەردا ئەم هەموو شێوازو ڕێککارەی بەکارهێنراوە لەلایەن وڵاتانی داگیرکەر تا سەرکوتی ئەم بزاوتە ڕزگارییانەی نەتەوەی کورد بکەن، کە ئەمە ئەگەر لەلایەک سەرکوتکردن بووبێت، لەلایەکی تر هۆکاربووە بۆ ئەوەی زیاتر ببێتە بڵێسەی گەورە بۆ بەردەوامی لەخەباتی نەتەوەی و زیاتر بەرەو پێشچوونی، لەو دیدگایەوە پێویستە بە ڕوونی ئاماژە بەوە بکەین کە دواتر زۆر بە وردی ئاماژەی بە نەهامەتییەکانی کورد کردووە، ئەو هەموو ناکۆکییانەی کە لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو هەبوون، بێلایەنانە ڕوونی کردۆتەوە و ئەم درز و کەلێنانەی هەبوون بە پوختی ئاشکرای کردوون و لەو ڕێگەیەوە هەوڵیداوە ناکۆکییەکان وەلانێن و یەکیەتی نەتەوەی بکاتە بنەمای سەرکەوتنی خەباتی

ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و دۆزەکەی (الطالباني، ١٩٧١، ٨-٢١).

لە ڕاستیدا (مام جەلال) لە دووتوێی پەرتووکە بە پێزەکانی (کردستان والحرکة القومیة الکردیة) لە بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٧١ و یاداشتەکانی دیداری تەمەنی (مام جەلال) لە لاویەتییەوە تا کۆشکی کۆماری ساڵی ٢٠١٧، (ڕامانی مام)ی ساڵی ٢٠١٧ی عومەر شێخ مووس زۆر بە وردی باسی ئاراستەی هزریی خۆی لە ڕووی سیاسی کردووە بە پێی قۆناغەکان، ئەمە سەرەڕای سوود وەرگرتن لە نووسینەکانی هاوڕێ و هاوخەباتانی ناوبراو کە زانیاری وردیان بەرجەستە کردوە لەسەر ئاراستەی بیری ئەم کەسایەتییە، وەک خۆی ئاماژەی پێ دەکات کە هەر لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە لە ژێر کاریگەری یەکێک لە مامۆستاکانی بە ناوی (حیسامەددین تەیب) بیری نەتەوەیی خۆی دامەزراندوە، کاتێک ئەرکی چەقاندنی ئاڵای کوردستانی لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی کۆیە پێ سپێردراوە، ئەویش بوێرانە کارەکەی ئەنجام داوە و بەمەش بۆتە موریدی ئەو مامۆستایە، هاوکات لە سەرەتای تەمەنیدا ئاماژە بەوە دەکات دوو بیروڕا زۆر باو بوون لەو کاتەدا ئەوانیش بیروباوەڕی شیوعی و نەتەوەیی بوون، وەک خۆی دەڵێت ئەگەرچی "من زیاتر حەزو خولیام بۆ شیوعیەت هەبوو، بەڵام بە هۆی بابەتی ئومەمی بوون و نەبوونی نەتەوەیی کورد، پاشەکشەم کرد و چوومە بەرەی نەتەوەیی" (ڕەشید،٢٠١٧، ٣٠)، چونکە وەک خۆی دەڵێت:" شیوعییەکان زۆر پۆپۆلیستییانە بیریان دەکردەوە، کورد نەتەوە نییە و مافی چارەی خۆنووسینی نییە، منیش ئەوەم پێ ناخۆش بوو، ئەوە لە ڕووی فکرییەوە دایچڵەکاندم" (شێخ مووس، ٢٠١٧، ٤١).

مام جەلال بە پابەندبوونی بە مافەکانی نەتەوەی کورد ناسراو بووە، کە ئەمە لە قۆناغەکانی ژیانی سیاسیدا ڕەنگی داوەتەوە، باوەڕی

بە ناسیۆنالیزمی کوردی هەبوو و ماندوو نەناسانە کاری بۆ پێشخستنی مافەکانی کورد کردوە. بانگەشەی بۆ دیپلۆماسی و چارەسەری ئاشتیانەی ململانێکان کردووە، پێی وابووە دیالۆگ و دانوستان باشترین ڕێگایە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان و پشتگیری لە بیرۆکەی فیدرالیزم کردوە وەک ڕێگایەک بۆ ئەوەی ناوچە جیاوازەکانی ناو عێراق بتوانن چارەنووسی خۆیان هەبێت کە ئەمەش لە هەوڵەکانی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و عەرەبی و ئەوروپی بۆ گەیاندنی داواکاری و مافەکانی کورد و دانوسانەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی دەرکەوتووە (غەمبار، ٢٠١٦، ٢٨).

لە دیارترینی ئەو سیاسەتمەدارانەی کورد بووە کە لە قۆناغەکانی خەباتی سیاسیدا باوەڕی بە بیری چەپ هەبووە کە ئەم جۆرە بیر کردنەوەیەی لە سەردەمانی خەباتی لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان تێیدا بەدی کراوە و لە دامەزراندنی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی)دا لە ساڵی ١٩٧٠بۆ یەکەم جار وەک کاری ڕێکخراوەیی کاری پێ کردوە و دواتر لە دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ساڵی ١٩٧٥، کە پارتێکی سیاسی نەتەوەیی سۆسیالیستی بوو و بانگەشەی بۆ سەربەخۆیی کورد و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکرد (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ١١٤؛ مەلا بەختیار، ٢٠٢٠، ٩٣-٩٤). بۆیە دەتوانین بڵێین کە بە گشتی ئایدۆلۆژیای چەپگەرایی تاڵەبانی و پابەندبوونی بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە دارشتنی ژیانی سیاسی و داکۆکیکردنی بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد.

## تەوەری سێیەم

## سەرەتای کاری سیاسی تا ساڵی ١٩٧٥:

هەر لە تەمەنی منداڵییەوە نیشانەکانی زیرەکی لێ بەدی کراوە، بۆیە هەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانە بەیانیان لە کاتی ڕیزبوونی قوتابیاندا، مامۆستاکان پێش هەمووان ئەویان هەڵدەبژارد بۆ خوێندنەوەی شیعری نیشتمانیی و نەتەوەیی، ساڵی ١٩٤٥لە ئاهەنگێکی میللی لە کۆیە کە بۆ جەژنی نەورۆز سازکرا بوو، تاڵەبانی کە لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا بوو بەشداری تێدا کردوە و وتارێکی جۆشامێزی خوێندۆتەوە، کە بووە بەمایەی سەرسڕمانی مامۆستایان و بەشداربووان (بـرایم، ٢٠١٩، ١٣). لە ساڵی ١٩٤٦ دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خوێندکار و بە ئامۆژگاری یەکێک لە مامۆستاکانی بەناوی (وریا علی کانیمارانی) کۆمەڵەیەکی فێرکاری نهێنی دامەزراندوە بە ناوی کۆمەڵەی پێشخستنی خوێندنەوە (K.P.X) و مام جەلال بە سکرتێری هەڵبژێردراوە، ئامانجێکی کۆمەڵەکە هاندانی خوێندکاران بوو بۆ خوێندنەوەی دەرەکی(حەیدەری، ٢٠١٧، ١٧).

دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، مام جەلال لە ساڵی ١٩٤٧ لە ڕێگەی مامۆستایەکیەوە بەناوی (تایەر سەعید) پەیوەندی کردوە بە ڕیزەکانی پارتی و بە نازناوی (ئاگر) وەک ئەندام وەرگیراوە مام جەلال لە دیداری تەمەن ئاماژە بەوە دەکات قازی محمد و هاوڕێیەکانی کاریگەری زۆریان بەسەریەوە هەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئاوارەبوونی مەلا مستەفا بارزانی و هاوڕێیەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت ئەوەندەی تر کاریگەرییەکەی زیاتر کردووە کە زیاتر پەیوەست بێت بە دۆزی نەتەوەیی، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ڕەشید، ٢٠٢٠، ٣٤)، بەمەش دەکەوێتە ژێر کاریگەری بەرنامەی سیاسی پارتی و لە چوارچێوەی ڕێکخستنەکانیدا دەکەوێتە چالاکی خوێندکارانە، دوای چوونە ناو کاری

سیاسییەوە، ڕۆژنامەی (ڕزگاری) کە پارتی دیموکراتی کورد بە نهێنی دەری دەکرد، کورتە وتاری لەژێر نازناوی (ئاگر)دا بڵاو کردۆتەوە. (رشید، ٢٠١٧، ٣٢-٣٣).

لە ساڵی ١٩٤٨ هەڵبژاردنێکی گشتی خوێندکاران ئەنجام دەدرێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی گشتی، ئەوە بوو مام جەلال تاڵەبانی بە نوێنەری خوێندکارانی کۆیە هەڵبژێردرا و بەشداری لە یەکەمین کۆنگرەی خوێندکارانی عیراقدا کرد کە لە مانگی چواری ساڵی ١٩٤٨ لە گۆڕەپانی (السباع)ی شاری بەغداد بەستراوە (حیدری، ٢٠١٧، ١٨). لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمین جار گوێی لە شاعیری گەورەی عەرەب محەمەد مەهدی جەواهیری (١٨٩٩-١٩٩٧) بووە، کاتێک شیعرە بە ناوبانگەکەی (ڕۆژی شەهید)ی خوێندۆتەوە، کە بۆ جەعفەری برایی و بۆ شەهیدانی وەسبە وتبووی، ئەم ساتانە لە ژیانی تاڵەبانیدا مێژوویی بوونە و وای کرد ببێتە یەکێک لە مریدەکانی شیعری ئەو و دواتریش بووە بە ئازیزترین دۆستی و ئەو دۆستایەتییە تا دوا ساتەکانی ژیانی شاعیر بەردەوام بووە (غەمبار، ٢٠١٦، ٢٣؛ برایم، ٢٠١٩، ٢٠).

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٩دا بەشداری کردووە لە ڤیستیڤاڵی لاوان و خوێندکارانی جیهانی لە بۆداپێستی پایتەختی هەنگاریا و جل و بەرگی کوردی لەگەڵ خۆیدا بردوە وەک دیاری (غەمبار، ٢٠١٦، ٢٣)، ئەمەش نیشانەی پەرۆشی بووە بۆ ناساندنی کەلتوری نەتەوەیی کورد.

لە شوباتی ١٩٥١ دا و لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد، بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردراوە، هەر لەو ساڵەدا گیراوە و بۆ شاری موسڵ دوور خرایەوە، لەوێش لە خەباتی سیاسیدا بەردەوام بوو و دواتر چووە کەرکوک بۆ تەواوکردنی خوێندن و سەر لەنوێ دامەزراندنەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی و بووە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کەرکوک، لە هەمان ساڵیشدا ئەرکی چاپ و

بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی پارتی بە شێوەیەکی نهێنی گرتۆتە ئەستۆ (ڕشید، ٢٠١٧، ٤٢).

لە کانوونی دووەمی ١٩٥٣ دا بەشداریی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردوە و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و لە مانگی شوباتی هەمان ساڵدا سەرپەرشتی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی کردوە و لەو کۆنگرەیەدا بە سکرتێری گشتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردراوە و هەر لەو ساڵەشدا یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان) (حیدری، ٢٠١٧، ١٨).

لە ساڵی ١٩٥٤ بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و ساڵی ١٩٥٥ بۆ ماوەی مانگێک بووە بە بەرپرسی لقی بەغدای پارتی و هەر لە هەمان ساڵدا بەشداری لە ڤیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی جیهانی لە (وارشۆ)ی پایەختی بولگاریادا بەشداری کردوە و لەوێوە سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا و وڵاتی چینی کردوە، ساڵی ١٩٥٧ سەفەری سوریا و مۆسکۆی کردوە و لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی مۆسکۆ بەشداری کردوە و لەوێ چاوی بە (مستەفا بارزانی) کەوتووە و لە هەمان ساڵیشدا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و بەشداری لە کارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کردوە و بووە بە بەرپرسی ڕۆژنامەی (خەبات)، کە لە سلێمانی بە نهێنی و بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، کە بە ناوی (پیرۆت) ەوە وتاری تێدا بڵاودەکردۆتەوە (غەمبار، ٢٠١٦، ٢٦).

لە یەکەمین ڕۆژی سەرکەوتنی (شۆڕشی ١٤/ تەموزی/ ١٩٥٨)، سەرپەرشتی ڕێکخستنی خۆپیشاندانی جەماوەری سلێمانی کردوە و بە هاوکاری ڕێکخستنەکانی پارتی لە نێو شاردا، پاشان چووە بۆ بەغداد و بەشداریی لە کاروباری مەکتەبی سیاسی و دەرکردنی گۆڤاری

(ڕزگاری/ التحریر)دا کردوە، هەروەها ئەرکی ئەو خەباتەی لە ئەستۆ گرت کە لە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا فراوان دەبوو، وەک پێویستییەکی بوونی حزبێکی پێشڕەوی کوردستانی و ڕێکخراوە پێشەییەکان بەرهەڵستکاری کردنی ئەو هەوڵانەی کە دەیانویست پارتی دیموکراتی کوردستان بکەنە پاشکۆی حزبێکی عێراقی. ساڵی ١٩٥٩ جارێکی تر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی مەکتەبی سیاسی پارتی هەڵبژێردراوەتەوە (ڕشید، ٢٠١٧، ٨٩، ١٤٨-١٤٩؛ شێخ موس، ٢٠١٧، ٢٠).

مام جەلال جگە لە کاری حیزبی و ڕێکخستن و ڕۆژنامەوانی لە ڕیزەکانی پارتیدا، هاوکات ڕۆڵ و بەشداری چەکداریشی هەبووە بەتایبەتی لەماوەی شۆڕشی ئەیلولدا، لە ئەیلولی ١٩٦١ دا کاتێک شۆڕشی ئەیلول هەڵدەگیرسێت (بارزانی، ٢٠١٢، ٦٢)، بەرپرسی ناوچەی سلێمانی بووە، یەکەمین بنکەی شۆڕشی لە چەمی ڕێزان کردەوە و سەرپەرشتی کرد و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی لیوای سلێمانی کرد تا وای لێهات زۆر فراوان بوو و بووە بە هێزێکی گەورە، ئەوە بوو کرا بە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان (سەعید، ٢٠٢١، ٥٧٦). لە نەورۆزی ١٩٦٢ دا، سەرکردایەتی ئەو هێرشە بەر فراوانەی کرد بۆ سەر ناوچەی شارباژێڕ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا دەست بەسەر هەموو بنکەی پۆلیسی ناحیەی بناوەسووتە و چوارتادا گیرا و هێزەکانی بەرەو قەزای پێنجوێن برد و تەواو ناوچەکەیان ئازاد کرد. بەم شێوەیە هەردوو ناوچەی شارباژێڕ و پێنجوین بوونە دوو ناوەندی شۆڕش و سەرکردایەتی، لە ساڵی ١٩٦٢- ١٩٦٣ زۆربەی ناوچەکانی قەرەداغ و قەڵاسێوکە و گەرمیان و سەنگاو ئازاد کران، کە ئەو دەمە مام جەلال فەرماندەی هێزی رزگاری بووە، لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتی دامەزراندنی ناوەندەکانی بەمۆ و هەڵەبجە و تەوێڵە و

بیارەی کردووە (پشدەری، ١٩٩٧، ٥٣-٧٢).

لــە ســاڵی ١٩٦٣ و دوای کودەتــای ٨ ی شــوباتی بەعســی و قەومییەکانی (شۆڤێنییەکان) عێراق، مام جەلال بە سەرۆکی وە فدی کوردی دەستنیشان کراوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی تازەدا، کە لە سەرەتادا ڕەزامەندییان لەسەر گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد نیشانداوە (محمود، ٢٠١٢، ٨٤-٩٠)، هەروەها سەردانی کۆماری میسر و جەزائیری کرد و چاوی بە جەمال عەبدولناسر (١٩١٨-١٩٧٠) و (ئەحمەد بن بێلا) کەوتووە و لە هەمان ساڵیشدا سەردانی وڵاتانی ئەوروپای کردوە و وەک نوێنەرایەتی شۆڕشی کورد و بۆ ناساندنی کێشەی کورد و ئاشکرا کردنی بارودۆخی کوردستان و کۆکردنەوەی یارمەتی و هاوکاری بۆ شۆڕش لە وڵاتانی (فەڕەنسا)، ئەڵمانیا، یەکێتی سۆڤیەت، چیکۆسلۆڤاکیا و نەمسا (غەمبار، ٢٠١٦، ٢٧-٢٨). دوای ئەوەی مام جەلال لە ڤییەناوە دەگاتە پاریسی پایتەختی فەرەنسا و بۆماوەی چوار هەفتە لەوێ دەمێنێتەوە و چەند دیدار و چاوپێکەوتنێک سەبارەت بە دۆزی کورد ئەنجام دەدات لەوانە: شاه حوسێن (١٩٣٥-١٩٩٩)، د.کامەران بەدرخان (١٨٩٥-١٩٧٨)، محمد حسنین هیکل (١٩٢٣-٢٠١٦)، ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی ئیریک ڕۆلۆ کە سەرپەرشتی بەشی ڕۆژهەڵاتی دەکرد لە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)... بڕوانە (تاڵەبانی، ٢٠٢١، ٤٩-٥١).

لە ڕاستیدا مام جەلال لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردودا دووچاری تەنگژەو ناکۆکی ناوخۆیی نێو ڕیزەکانی پارتی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بۆتەوە، ساڵی ١٩٦٤ جیابونەوەیان و لێکەوتەی جەلالی و مەلایی لێکەوتەوە، مام جەلال و هاورێکانی چوون بۆ شاری هەمەدان لە ئێران. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق و دوای چارەسەر نەبوونی

ململانێ و ناکۆکییەکان لەگەڵ مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٦٦ چوونە هاوپەیمانیەتی و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ئەوکاتی عێراق (ئەمین، ٢٠١٣، ٧٤؛ جەلال، ١٩٩٩، ٢٤٦-٢٤٨).

ساڵی ١٩٦٧ بەشداری لە کۆڕی (ئیشتراکییەکانی عەرەب) کردوە لە جەزائیر و لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی کێشەی کورد و شەرعیەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەب پێشکەش کردوە (ڕشید، ٢٠١٧، ٢٢٧-٢٣٥). پێش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، مام جەلال وهاوڕێیەکانی تێکەڵ بە ڕیزەکانی پارتی بوونەوە (غەمبار، ٢٠١٦، ٢٨).

پاش ڕاگەیاندنی بەیاننامەی یانزەی ئادار لەگەڵ چەند کادیرێکی دێرینی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی ڕێکخراوێکی چەپی نهێنی بەناوی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) دامەزراندووە، لە پاش یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی لە ساڵی١٩٧٠ تاڵەبانی هیچ لێ پرسراویەتییەک لەناو پارتی وەرناگرێت و گەشتی دەرەوەی کوردستانی کردوە و ماوەیەک لە لوبنان و میسر و سوریا ماوەتەوە (حیدری،٢٠١٧، ٢٤)، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی جەزائیر، کە لە مانگی ئازاری ١٩٧٥ لە جەزائیر کرا، تاڵەبانی لە ١٩٧٥/٦/١ لە دیمەشق لەگەڵ دەستەیەک لە هەڤاڵانیدا پارتێکی نوێ بە ناوی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ی دامەزراند و نەخشەی بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشێکی نوێ دادەنێت و دەبێت بە سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان (عومەر، ٢٠٠٢، ٧٠-٧٢؛ حەمەد، ٢٠١٩، ٣٨). لە ساڵانی دوای دامەزراندنی یەکێتی لەسەر چالاکی سیاسی و سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بەردەوام بوو تا بۆ دواجار بە هۆی نەخۆشییەوە لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/١٠/٣) لە شاری بەرلین لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە حیدری، ٢٠١٧، ١٦، ٢٩).

**ئەنجام**

لــە ئامــادەکردنی ئــەم توێژینەوەیــە گەیشــتینە ئــەو ئەنجامانــەی خوارەوە:-

١- مام جەلال هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە خولیای خوێندنەوەو چوونــە نــاو کــاری سیاســی هــەبووە، ئەمــەش بــەهۆی ئــەوەی خــۆی لەبنەماڵەیەکی ئایینی کوردپەروەر لەدایک ببوو.

٢- هەرچەندە لەبەر زیرەکی و بەتوانایی لەلایەن شیوعییەکان و نەتەوەییەکان گرینگی پێ دەدرا، بەڵام بەهۆی نکۆڵی کردنی شیوعیەکان لــەو کاتــەدا لەئومێــد بــوونی کــورد بڕیــار دەدات بچێتــە نــاو بــەرەی نەتــەوەیی کــە لــەو کاتــەدا پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان ســەرکردایەتی دەکرد و ڕۆڵی گەورەی تێدابینیوە.

٣- بــە هــۆی بــاوەڕ بــوون بــەهزری ناسیۆنالیســتی، بــەردەوام لــە خــەبات و شۆڕشــدا بــووەو پێگــەی وەک کاریزمایــەکی نەتــەوەیی بــە ڕوونــی لەســەر لاپــەڕەکانی مێــژووی کــورد دیــارە و بە تــایبەتی لــە سەرکەوتنەکانی میللەتی کورد لە باشووری کوردستاندا.

٤- کــاریگەری و ڕۆڵــی مــام جەلال بــووە هــۆی دووبــارە بەرپــاکردنەوەی شــۆڕش لە باشــوری کوردســتان بە هۆکــاری دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

٥- باوەڕی تەواوی بە هزرە مرۆڤایەتییەکان وای کردبوو کە (مـام جـەلال) زیـاتر خۆشەویسـت بێت، یاسـاکانی بـاری کەسـی و پاراسـتنی مافی ژنان هەموو دەرەنجامی هزری گەورەی ئەون.

**پەراوێزەکان**

١. ماویزم: بە بۆچون وتیۆرە سیاسیەکانی (ماوتسی تۆنگ) دامەزرێنەرو ڕێبەری پێشوی وڵاتی چین دەوترێت، ئەم تیۆرە بریتییە لە بەیەکەوە گرێدانی مارکسیزم- لینیزم لەگەڵ نەریتەکانی چین، ماو پێی وابو ئەرکی شۆڕشی چین لە دەرەوە دژی ئیمپریالیزم لەناوەخۆشدا دژی دەرەبەگ، بڕوای بە پەیوەندی نێوان سیاسەت وچەکداری هەبووە، لادێ کانی بە بنکەو بناغەی شۆڕش دادەنا، ماو لە (١٩٤٩/١٠/١) کۆماری چینی میللی دامەزراند، لە (١٩٧٦/٩/٩) کۆچی دوایی دەکات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوان (کەنەدی، ٢٠٠٥، ١٢٧- ١٢٨؛ محمدی، ٢٠٠٦، ٦٨٧- ٦٨٨).

٢. شێخ حیسامەدین نورڵڵا تاڵەبانی، کە دەکاتە باوکی مام جەلال، لە ساڵی (١٩١٢) لەدایک بووە لە (١٩٩٣/٧/١٧) کۆچی دوایی کردوە، گۆڕەکەی لە تەکیەی تاڵەبانییە لە شاری کۆیە، بڕوانە مەنزڵگەی باوکی مام جەلال، پاشکۆی ژمارە (١).

٣. شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی یانزە کوڕی هەبووە یەک لەوانە (شێخ غەفوری تاڵەبانی) بووە کە لە ساڵی (١٢٦٢) وە لە شارۆچکەی کۆیە نیشتەجێ بوون (برایم، ٢٠١٩، ٨) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە درەختی تاڵەبانییەکان لە شارۆچکەی کۆیە، پاشکۆی ژمارە (٢).

٤. (خدیجە حسێن ڕسول) دایکی مام جەلال لە ساڵی (١٩٠٠) لەدایک بووە و لە (١٩٦٥/٦/١٢) کۆچی دوایی کردوە، (برایم، ٢٠١٩، ٥٤)، بڕوانە مەنزڵگەی دایکی مام جەلال، پاشکۆی ژمارە (٣).

٥. ناو نانی مام جەلال بەو ناوەوە دەگەڕێتەوە بۆ خەو بینینی شێخ حیسامەدینی باوکی بە مامیەوە کە ناوی (مام جەلال) بووە و لە خەوەکەدا سێوێکی داوە پێی، لەم سەروبەندەدا کوڕێکیان بووە ئەمیش لە خۆشەویستی بۆ مامی ناوی کوڕەکەی ناوە (مام جەلال) (برایم، ٢٠١٩، ٨، ١٢).

٦. ساڵی لە دایک بوونی مام جەلال تارادەیک ناڕوونە، خۆشی لە بیرەوەرییەکانی ئاماژەی پێدەکات کەبە پێی گێڕانەوەی دایکی ساڵی (١٩٣٣

یـا ١٩٣٤)ە، هەرچەنـد لەسـەر ڕەگەزنـامە عێراقیەکەیـی وتۆمـاری قوتابخانەی سەرەتایی ساڵی ١٩٣٢ نووسراوە، زۆربەی سەرچاوە کانیش ئاماژە بە ساڵی (١٩٣٣) دەکەن، بۆزانیـاری زیـاتر بڕوانە (ڕشـید، ٢٠١٧، ٢١)، هەروەها بڕوانە تۆماری قوتابخانەی سەرەتایی مام جەلال، پاشکۆی ژمارە (٤).

٧. بافل: تاڤگەیەکی بچوکە لە چەمی ڕەزان، کە مام جەلال بەو ناوەوە ناوی ناوە (برایم، ٢٠١٩، ٢٩).

٨. قوباد: ناوێکی کوردی کۆنە، مام جەلال بەناوی تێکۆشەرێکی ئێران کە هاوڕێی بوەو شەهید بووە ناوی ناوە (برایم، ٢٠١٩، ٢٩).

٩. بـڕوانە بڕوانـامەی خوێنـدنی قۆنـاغی سـەرەتایی مـام جەلال، پاشـکۆی ژمارە، (٥).

١٠. بڕوانە بڕوانامەی خوێندنی قۆناغی ناوەندی مام جەلال، پاشکۆی ژمارە، (٦).

١١. بـڕوانە بڕوانـامەی خوێنـدنی قۆنـاغی دوا ناوەنـدی مـام جەلال، پاشـکۆی ژمارە، (٧).

١٢. گەلاوێـژ سـاڵح فەتـاح ناسـراو بە گەلاوێژخـان، لە سـاڵی ١٩٣٠ لە شـاری موسڵ لە دایک بووە، خێزانـی ئیبـراهیم ئەحمەدە و دایکی هێرۆخـان، کە خێزانی مام جەلالە، بڕوانە:
https://www.galawezh.com/Profile.

١٣. ئەوکاتە لە عێراق زانکۆ نەبووە تەنها چەند کۆلێژێکی سـەربەخۆ هەبووە، یەکەم زانکۆ لە عێراق زانکۆی بەغدادە کە لە سـاڵی ١٩٥٧ دامەزراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ماڵپەری زانکۆی بەغدا،
https://uobaghdad.edu.iq/?page_id=26283.

١٤. بـڕوانە بڕوانـامەی بەکالۆریۆسـی مـام جەلال لە کۆلێژی یاسـا، پاشـکۆی ژمارە، (٨).

١٥. بڕوانە بڕوانامەی دکتۆرای فەخری مام جەلال لەلایەن زانکۆی کۆیەوە، پاشکۆی ژمارە، (٩).

١٦. بۆ دەقی وتاری مام جەلال لە مەڕاسیمی دانانی بەردی بناغەی زانکۆی

کۆیە بڕوانە:

https://www.youtube.com/watch?v=h2jygO5UUrg.

١٧. نزیکبوونەوەی (مام جەلال) لەڕێکخراوی سۆسیال دیموکرات و بەئەندام بوونی یەکێتی تیایدا وەک یەکەم پارتی کوردی لە باشوری کوردستان ڕۆڵی لەم ڕێکخراوەدا، بیروهۆشیاری (مام جەلال) زیاتر گەیاندە جیهان و کردیە کەسایەتییەکی جیهانی، لە ساڵی ٢٠٠٨ لە بیست و سێ یەمین کۆنگرەی ڕێکخراوی سۆسیال ئینتەر ناسیۆنالدا بە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا (حەیدەری، ٢٠١٧، ٢٨).

١٨. بیرۆکەی دروست بوونی (پارتی دیموکراتی کورد) دەگەڕێتەوە بۆ شوباتی ساڵی ١٩٤٦، لەلایەن هەریەک لە ( مەلا مستەفا بارزانی، هەمزە عبدالله، ئەنوەر دڵسۆز، بەکر عبدالکریم، مستەفا خۆشناو، نوری ئەحەد تەها، محەمەد قودسی، عێزت عەبدولعەزیز، خەیروڵا عەبدالکریم)، لەسەر شێوەی پارتی دیموکراتی ئێران، دوای بەستنی یەکەم کۆنگرەی بە نهێنی لە بەغدا لە (١٦/ ئاب/ ١٩٤٦) ئەم ڕێکەوتە وەک ڕۆژی دامەزاندنی دەست نیشان کرا، بڕوانە (شەمزینی، ٢٠٠٦، ٢٧٨- ٢٨٠؛ بارزانی، ٢٠٢٠، ١٨٧- ١٩٠).

١٩. مام جەلال لەماوەی خەباتی نهێنی و سەرەتای کاری سیاسی بە تایبەت ئەو ماوەیەی کە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بووە زۆربەی نووسینەکانی بە ناوی نهێنی وەک ناوەکانی (ئاگر، پیرۆت، بەشیر موشیر، حەمەدەمین، توانا)، نامەکانیشی بەناوەکانی (ابو شلال، مجنون الدولە) بڵاو کردۆتەوە، بڕوانە ئەدەبیاتی مام جەلال ونوسین، سامی قادر، ماڵپەڕی

https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=17345&type=farhang.

٢٠. لەم ڤیستیڤاڵە چەند خوێندکارێکی کورد بەژدار دەبن لەوانە: (د. کمال فواد و د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ)، (غەمبار، ٢٠١٦، ٢٤).

٢١. هەر لەم ساڵەدا مام جەلال ویستویەتی بە پاسەپۆرتی ساختە بەژداری لە ڤیستیڤاڵی خوێندکاران لە یەکێتی سۆڤیەت بکات، بەڵام لە سوریا گیراوە و دواتر لەڕێگەی بنەماڵەی بەدرخانیەکان ئازاد کراوە (قانعی فەرد، ٢٠١٣، ٣٧٨؛ غەمبار، ٢٠١٦، ٢٦).

٢٢. سەبارە بە شۆڕشی ١٤/٧/ ١٩٥٨، مام جەلال لە دیداری تەمەن دەڵێت:" عبدولسەلام عارف ئەفسەرێکی شۆڤینی بوو، عبدولکەریم قاسمیش عێراقچیتی بوو، پیی وابوو ئێمە هەردەبێت بڵێین عێراقین، نە کوردین و نەعەرەبین پێویست ناکات باسی هیچ مافێکی نەتەوەیی کورد و عەرەب بکەین" (ڕەشید، ٢٠١٧، ١٤٣).

٢٣. کاتێک مام جەلال باسی دۆزی کورد بۆ جەمال عبدولناسر و ئەحمەد بن بێلا سەرۆک کۆماری ئەوسای جەزائیر دەکات، بن بێلا دەڵێت:" برادەرینە کورد میللەتێکی موسوڵمانە، لەدێر زەمانەوە دۆستی ئێمە... هەقە حوکمی زاتی وەربگرن، ئەگەرنا شەڕ بەردەوام دەبێت و وڵاتانی تر دێنە ناو بابەتەکە و لەپاشان کورد بە حوکمی زاتی ڕازی نابێت و داوای سەربەخۆیی دەکات و دەڵێت ئێمە لەگەڵ فەرەنسا بە حوکمی زاتی ڕازی بووین پێیان نەداین دواتر سەربەخۆییمان وەرگرت" مام جەلال دەڵێت: "قسەکانی زۆر سەریح و لای ئێمە پەسەند بوو، من پێم خۆش بوو کە ئاوا بە ئاشکرا و بەباشی لەسەر میللەتی کورد قسە ئەکات"، بیرو ڕای جەمال عبدولناسریش بە نزیکەیی هەمان ڕای بن بێلا بووە (ڕەشید، ٢٠١٧، ٢٣٣-٢٣٤).

٢٤. هۆکارەکانی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی بە پێی بۆچونی عومەر شێخ مووس وچەند سەرچاوەیەکیتر دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە: لاوازی ڕێککەوتنی مەلا مستەفا لەگەڵ حکومەتی عێراقی، ڕەخنەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەسەر بەرنامەی حیزب وشۆڕش دژی مەلا مستەفا، لە خۆبایی بوونی مەکتەبی سیاسی لە هێز وتوانای خۆی بەوەی کە دەتوانێت مەلا مستەفا لابەرێت و بەتەنیا سەرکردایەتی شۆڕش بکات، فاکتەری دەرەکیش ڕۆڵی هەبووە لەم لێکترازانە لەوانە وڵاتی ئێران کە لە بۆچوونی چەپ دەترسان، بۆیە بەلایانەوە باشتر بوو پشتگیری مەلا مستەفا بکەن، ئیسرائیلیش ماوەیەکی کەم بوو پەیوەندی لەگەڵ مەلا مستەفا گرێ دابوو، یەکێتی سۆڤیەتیش لە مانگی ٤/١٩٦٥ لە ڕۆژنامەی پراڤدادا بە ئاشکرا بەلای مەلا مستەفادا شکاندیەوە، بڕوانە (ئەحمەد، ٢٠١٠، ٦٨-٦٩؛ جەعفەر، ٢٠١٠، ٦٢-٦٥).


# پاشكۆكان

## پاشكۆی ژمارە (١)
## مەنزڵگەی (شێخ حیسامەدین نورِڵڵا تاڵەبانی) باوكی مام جەلال




(برایم، ٢٠١٧، ٧٣)

## پاشکۆی ژمارە (٢)
## درەختی تاڵەبانییەکان لە شارۆچکەی کۆیە




**کۆی گشتی نەوەکانی شێخ عەبدالغفور شێخ ئەحمەد تاڵەبانی[1]**

| کۆی خێزان | کۆی گشتی | مێی مردوو | مێی زیندوو | نێرەی مردو | نێرەی زیندوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٦ | ٣٠٤ | ٢٧ | ٨٢ | ٣٤ | ٧١ |

(برایم، ٢٠١٧، ٤٣)

**پاشکۆی ژمارە (٣)**

**مەنزڵگەی (خەدیجە حسێن ڕەسول) دایکی مام جەلال**





(برایم، ٢٠١٧، ٥٤)

## پاشكۆی ژمارە (٤)

## ڕەگەزنامەوتۆماری قوتابخانەی سەرەتایی مام جەلال




ڕەگەزنامەی عێراقی مام جەلال




تۆماری (نمرە)ی مام جەلال لە قوتابخانە

(برایم، ٢٠١٧، ٣٢)

## پاشکۆی ژمارە (٥)

## بڕوانامەی قۆناغی سەرەتایی (شەشەمی بنەڕەتی) مام جەلال



حكومة اقليم كوردستان - العراق
وزارة التربية

وثيقة

المديرية العامة للتربية في: اربيل
مديرية تربية: كويسنجق
الرقم: ١
التاريخ: ٢٠١٧/١١/١٩

نؤيد بان الطالب / الطالبة: جلال حسام الدين نور الله ... الصف السادس

| المادة | الدرجة رقماً | الدرجة كتابة | الملاحظات |
|---|---|---|---|
| اللغة العربية | ٧٩ | تسع وسبعون | |
| اللغة الكوردية | ٨٨ | ثمانية وثمانون | |
| الحساب | ٩٦ | ست وتسعون | |
| الاجتماعيات | ٧٣ | ثلاث وسبعون | |
| الاشياء والصحة | ٧٠ | سبعون | |
| مجموع الدرجات | ٤٠٦ | اربعمائة وستة | |

الغرض من الوثيقة: الاستفادة في ارشيف متحف رئاسة الجمهورية العراق

سلوكه: جيد جداً

تاريخ تركه للمدرسة: ( ١ / ١٠ / ١٩٤٨ )

واقع منظم الوثيقة

(برایم، ٢٠١٧، ٨٦)

## پاشکۆی ژمارە (٦)

## بڕوانامەی قۆناغی ناوەندی مام جەلال



حكومة اقليم كوردستان - العراق
وزارة التربية

وثيقة

المديرية العامة للتربية في : أربيل
مديرية التربية : كويسنجق
إدارة مدرسة : إعدادية كويسنجق للبنين
هاتف : ٠٧٥٠٦٦٠٦٠٩٣
رقم التسجيل في سجل القيد العام للمدرسة ( ٢٩٩ / ٣ )
الرقم الامتحاني العام ( ـــ )

الرقم :
التاريخ : ٢٠١٧/١١/١٧

نؤيد بأن الطالب / الطالبة ( جلال حسام الدين نوري الدين ) الجنسية عراقية / عراقية المولود / المولودة في ( ١ / ٧ / ١٩٣٣ ) في محافظة ( أربيل كويسنجق ) كان / كانت أحد / إحدى طلبة الصف الثالث المتوسط في مدرستنا ، قد شارك / شاركت في امتحانات ( الوزارية ) للسنة الدراسية ( ١٩٤٩ - ١٩٥٠ ) وكانت نتيجته / نتيجتها ( ناجح ) في الدور ( الأول ) وقد حصل / حصلت على الدرجات المدونة أدناه :

| المادة | الدرجة رقماً | الدرجة كتابة | المادة | الدرجة رقماً | الدرجة كتابة |
|---|---|---|---|---|---|
| اللغة العربية | ٧٦ | ستة وسبعون | | | |
| اللغة الإنكليزية | ٦٢ | اثنان وستون | | | |
| الفيزياء والكيمياء | ٥٤ | أربع وخمسون | | | |
| الرياضيات | ٨٤ | أربع وثمانون | | | |
| الاجتماعيات | ٧٦ | ستة وسبعون | | | |
| الأحياء | ٥٩ | تسع وخمسون | | | |
| / | | | | | |
| مجموع الدرجات | رقماً : | كتابة : | | | |

ملاحظات إدارة المدرسة

الغرض من الوثيقة : لغرض متحف الرئيس مام جلال
قبل / قبلت بموجب وثيقة النقل المرقمة / والمؤرخة في ( ١ / ١٠ / ١٩٤٧ ) الصادرة من مدرسة كويسنجق للاولى الابتدائية محافظة أربيل / كويسنجق
الوثائق التي زود / زودت بها سابقاً :

| وثيقة | الرقم | التاريخ | الجهة المعنونة إليها الوثيقة | الغرض |
|---|---|---|---|---|
| / | / | / | / | / |

سنوات الرسوب : الصف : / السنة الدراسية : / / /
عدد أيام غياباته / غياباتها من المدرسة : بعذر ( / ) يوم / أيام ، بدون عذر ( / ) يوم / أيام
سلوكه / سلوكها والدرجات المخصومة منه / منها : جيد جداً
تاريخ تركه / تركها للمدرسة : ( ١ / ٧ / ١٩٥٠ )
أي حك أو شطب في الوثيقة يلغيها .

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە
خوێندنگای ئامادەیی کۆیەی کوڕان

اسم وتوقيع وختم مدير المدرسة

(برايم، ٢٠١٧، ٨٧)

## پاشکۆی ژمارە (٧)

## بڕوانامەی قۆناغی دواناوەندی مام جەلال



وزارة التربيــــة
المديرية العامة لتربية محافظة كركوك
إسم المدرسة الحالي والسابق: اعدادية كركوك المركزية للبنين

وثيقة مدرسية

العدد: ٦١٥
التاريخ: ٢٨ / ١١ / ٢٠١٧
رقم القبول في القيد العام: ٩٨ ٧٧ ٨
الرقم الامتحاني: ٩٢٩

20 — 0018132

إلى/ رئاسة الجمهورية / مكتب رئيس

إن جلال حسام الدين والدته خديجة حسين
المولود بتاريخ ( ١ / ٧ / ١٩٣٣ ) في محافظة السليمانية احد طلاب الصف الخامس العلمي
من مدرستنا دخل الامتحان الوزاري للسنة الدراسية ( ١٩٥١ / ١٩٥٢ )
وكانت نتيجته ناجح في الدور الثاني وحاز على الدرجات المدرجة أدناه.

| المادة | الدرجة رقماً | الدرجة كتابة | المادة | الدرجة رقماً | الدرجة كتابة |
|---|---|---|---|---|---|
| اللغة العربية | ٧٧ | سبع وسبعون | الجبر والمثلثات | ٥٠ | خمسون فقط |
| اللغة الانكليزية | ٦٩ | تسع وستون | الكيمياء | ٥٢ | اثنان وخمسون |
| الهندسة المجسمة | ٦٥ | خمس وستون | الفيزياء | ٧٥ | خمس وسبعون |
| علم الاحياء (الحيوان والنبات) | ٧٦ | ست وسبعون | | | |
| المجموع | | | رقماً ٤٦٤ | | كتابة اربعمائة واربع وستون |

لاحظات إدارة المدرسة .
الغرض من الوثيقة: للاحتفاظ في أرشيف
قيد في الصف الرابع العلمي بموجب وثيقة النقل المرقمة والمؤرخة في ١٠ / ١ / ١٩٥١
الصادرة عن مدرسة ثانوية أربيل للبنين
الوثائق التي زوّد بها سابقاً: رقمها ٥٠١ تاريخها
الجهة المعنونة إليها الوثيقة: عمارة كلية الحقوق

سبب في الصف: لم يرسب
سنوات الرسوب: لم يرسب
الدروس التي أكمل فيها:
سلوك جيد عدد أيام الغياب ( لا يوجد )
تاريخ تركه المدرسة ١ / ١٠ / ١٩٥٢
وثيقة خالية من الحك والشطب

اعدادية كركوك المركزية للبنين

اسماعيل أنور عثمان
٢٨ / ١١ / ٢٠١٧

سيروان
٢٨ / ١١ / ٢٠١٧

اسم منظم الوثيقة وتوقيعه
هشام ناظم عواد

اسم مدير المدرسة وتوقيعه
محمود

(م ١٤-٢٠١)

(برایم، ٢٠١٧، ٨٨)

**پاشکۆی ژمارە (٨)**

**بڕوانامەی بکالۆریۆسی مام جەلال لە بواری یاسادا**


بسم الله الرحمن الرحيم

جامعة بغداد

بناء على ما عرضه مجلس كلية القانون الدراسة الصباحية

واقره مجلس جامعة بغداد منح

جلال حسام الدين الطالباني

شهادة البكالوريوس في القانون بتقدير مقارب

وبهذا اصبح له حق التمتع بكل ماتخوله هذه الشهادة من حقوق وامتيازات

بغداد في ٢٩ / ذو الحجة / ١٣٧٨ هجرية الموافق ٥ / تموز / ١٩٥٩ ميلادية

أ.م.د علي مطشر عبد الصاحب
العميد وكالة

أ.د علاء عبد الحسين عبد الرسول
رئيس الجامعة

**(دەشتی، ٢٠٢٠، ٦٩)**

**پاشكۆی ژمارە (٩)**

**بڕوانامەی دكتۆرای فەخری مام جەلال لە بواری یاسادا**

**لە لایەن زانكۆی كۆیەوە**



KOYA UNIVERSITY

زانكۆی كۆیە

Koya University

بڕوانامەی دكتۆرا

DOCTORATE CERTIFICATE

ئاماژە بە دانیشتنی ئەنجومەنی زانكۆ ژمارە (١٦) لە بەرواری ٢٠١٥/٩/٢٩

دوای ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

بڕیاردرا بە، بەخشینی بڕوانامەی دكتۆرای فەخری بە

بەڕێز (جلال حسام الدین نورالله تاڵەبانی) (مام جەلال)

لە بواری (یاسا) لەبەر ئەو خەباتە درێژە یاسایی و سیاسیەی كە هەیەتی وە پارێزەری مافەكانی مرۆڤ و یاسا بووە و دامەزرێنەری زانكۆمانە، بۆیە ئەم بڕوانامەی پێ بەخشرا.

(دەشتی، ٢٠٢٠، ٧١)

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: ئینسکلۆپیدیا**

- سەعید، کەیوان (٢٠٢١)، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، چ٤، سلێمانی.

**دووەم: بیرەوەری**

- احمد، فازیل کەریم (مامۆستا جەعفەر) (٢٠٢٠)،بەخەونی گەورەوە کەوتینە ڕێ، چاپخانەی تاران، چ٢، بەرگی یەکەم، تاران.
- ئەحمەد، نەوزاد عەلی (٢٠١٠)، پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا، بەشێکی گرینگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخ مووس، سوید.
- ڕەشید، سەلاح (٢٠١٩)، دیداری تەمەن لەولایەوە تا کۆشکی کۆماری، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، بەرگی یەکەم و دووەم، سلێمانی.
- دزەیی، هۆمەر (٢٠١١)، ژیاننامەی هۆمەر دزەیی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- دزەیی، وێستگەکانی ژیانم (٢٠٠٩)، وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- قانعی فەرد، عێرفان (٢٠١٣)، دوای شەست ساڵ خەبات، ژیان و بیرەوەری جەلال تاڵەبانی ١٩٣٣-١٩٦٦، بەرگی یەکەم، بێ شوێن.
- کوێستانی، هەڤاڵ (٢٠٢٠)، ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو، چ٥، چاپخانەی ئەدیبان، سلێمانی.
- گەلاوێژ (٢٠٠٩)، بیرەوەریە هەرگیز لەبیر نەکراوەکانی من، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- مەلا قادر، محمد (٢٠٠٩)، سەربردە، کورتەیەک لە بیرەوەرییەکانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،
- مەلا بەختار (٢٠٢٠)، لەبری بیرەوەری، تاران.

**سێیەم: پەڕتووک بە زمانی کوردی**

- امین، نەوشیروان مستەفا (١٩٩٧)، لەکەناری دانوبەوە تا خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی باشووری کوردستان، بەرلین.
- برایم، ڕابەر سەید (٢٠١٩)، سێوەکەی دڵ، چاپخانەی ڕۆژهەلات، سلێمانی.
- دەشتی، عوسمان (٢٠٢٠)، یەکەمین دکتۆرای فەخری لە کوردستان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- بارزانی، مسعود (٢٠١٢)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب١، هەولێر.
- بارزانی، مسعود (٢٠٢٠)، بۆ مێژوو، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
- تەیب، جەمال فتح الله (٢٠٠٨)، کۆیە (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، چاپخانەی شەهاب، چ٢،هەولێر.
- جەلال، ئیبراهیم (١٩٩٩)، خواروی کوردستان وشۆڕشی ئەیلول، بنیاتنان وهەڵتەکاندن، چاپخانەی ژیار، سلێمانی.
- جەعفەر، بەهرۆز (٢٠١٠)، ململانێکانی نێو شۆڕشی ئەیلول، بێ شوێنی چاپ.
- جەلال، کاوە تەیب (٢٠١٧)، کەرتبوون لەنێو پارتە سیاسییەکان لەباشووری کوردستان ١٩٧٦-١٩٨٨، دەزگای ئایدیا، سلێمانی.
- حەمەدەمین، ئەحمەد (٢٠١٦)، ڕەوتی چەپ لەباشووری کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک نموونە)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- حەمەد، دلێر ئەحمەد (٢٠١٩)، مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- حەیدەری، مومتاز (٢٠١٧)، مام جەلال لوتکەی گەورەیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ڕەشید، سەڵاح (٢٠٢٠)، شەڕی ناوەخۆیی کورد، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
- عبدالقادر، نازناز محمد (٢٠٢٠)، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەکوردستانی عیراقدا ١٩٦١-١٩٧٢، چاپخانەی ئاراس، چ٢، هەولێر.
- عەبدوالقادر، فەرەیدون (٢٠٢٠)، هەڵۆ سورەکانی قەندیل، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چ٢، سلێمانی.
- عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان (٢٠١٩)، حزبیی شیوعیی عیراقی و مەسەلەی کورد ١٩٣٤-١٩٧٥، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- عومەر، سەروەر عەبدولرەحمان (٢٠٠٢)، یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلێمانی.

- غەمبار، د.کمال (٢٠١٦)، سێ بیرمەندی ناوداری کورد، تاڵەبانی لە بیرو ڕای جیاوازدا، هەولێر.
- موس، عومەر شێخ (٢٠١٧)، ڕامانی مام، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- محەمەد، کاردۆ (٢٠١٥)، چەپکێک لە وتەکانی مام جەلال، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.
- نەجمەدین، پشکۆ (٢٠٢٠)، کۆماری ئەزموونی یاد، چاپخانەی هەژار موکریانی، چ٦، بەرگی یەکەم سلێمانی.

**بەزمانی عەرەبی:**

- احمد، فواد علی (٢٠٠٩)، الاتصال السياسی فی الاحزاب الكوردية، السليمانیة، مكتب الفكر والوعی فی الاتحاد الوطنی الكردستانی.
- أيوب، بارزانی (٢٠١١)، الحركه التحررية الكردية وصراع القوى الاقليمية والدولية، دار نشر المشرق، جنيف.
- أوسی، سالار (٢٠٠٨)، جلال طالبانی أحداث ومواقف، دار أبعاد، بيروت.
- برواری، صلاح (٢٠١٠)، جلال طالبانی مواقف واراء، السليمانیة، ط٢، مكتب الفكر والوعی فی الاتحاد الوطنی الكردستانی.
- عثمان، محمد شيخ (٢٠٢٢)، تاريخ لن يختزل، السليمانية، مكتب الفكر والوعی فی الاتحاد الوطنی الكردستانی.
- طالبانی، جلال (١٩٧٧)، كردستان الحركه القومية الكردية، منشورات نور، بغداد.

**نامەو تێزەزانکۆییەکان**

- محمود، عمار عباس (٢٠١٢)، الفكر السياسی لجلال الطالبانی، رسالة الماجستير (كلية الاقتصاد و العلوم السياسية- جامعة القاهرة).

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

- https://www.galawezh.com/Profile ماڵپەڕی گەلاوێژ/ ٢٠٢٣/٣/٢/ ١١:٣٠ بەیانی
- https://www.youtube.com/watch?v=h2jygO5UUrg /ماڵپەڕی یوتیوب/ ٢٠٢٣/٣/١٠/ ١٠:٠٠ بەیانی
- https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=17345&type=farhang ماڵپەڕی تەلەفیزیۆنی خاک/ ٢٠٢٣/٣/١٢/ ١١:٣٠ شەو
- https://uobaghdad.edu.iq/?page_id=26283 ماڵپەڕی زانکۆی بەغداد/ ٢٠٢٣/٤/٢٥/ ٢:٠٠ دوای نیوەڕۆ

**الملخص:**

يعد جلال الطالباني من الشخصيات الكوردية التي لعبت دورا مؤثرا في تاريخ الحركة الكوردية التحررية خاصة في جنوب كوردستان، وعلى الرغم من انه بدأ حياته السياسية ناشطا في صفوف الحزب الديمقراطي الكوردستاني (البارتي)، الا انه انشق عليه وخرج منه لاسباب سياسية ربما لتأثره في ستينات القرن الماضي بالماوية (نسبة الى ماوسي تونغ زعيم جمهورية الصين الشعبية) مما ادى لهذا السبب واسباب اخرى الى خلافه مع قائد الثورة الكوردية ملا مصطفى البارزاني، ذلك الخلاف الذي ادى بالتالي الى انشقاق البارتي الى جناحين لغاية سنة ١٩٧٠ وعندما انتكست الثورة الكوردية في آذار ١٩٧٥ تمكن من ان يؤسس في الاول من حزيران ١٩٧٥ حزبا جديدا باسم (الاتحاد الوطني الكوردستاني) الذي تمكن الى جانب القوى السياسية الاخرى من استئناف الثورة الكوردية لاستحصال حقوق الشعب الكوردي المشروعة.

**الكلمات الدالة:** جلال الطالباني، الدور السياسي، الحزب الديمقراطي الكوردستاني، الاتحاد الوطني الكوردستان، ثورة ايلول.

## Abstract

Jalal Talabani, is one of the prominent Kurdish leaders who contributed to modern history. Early in his life, he demonstrated intellectual and leadership abilities as a result of his involvement in politics and culture, as well as his sense of duty to his homeland.

Although Mam Jalal began his political struggle within the ranks of the Kurdistan Democratic Party (KDP), he was influenced by Maoism as a new idea for the struggle and countering the enemies of the Kurdish people Later, this kind of thinking led to conflict with Mullah Mustafa Barzani and the separation of the Political Bureau wing and the formation of (Mullah and Jalal(. He once more turned the mountains of Kurdistan into a defense and battleground in these difficult situations when the Kurdish people do not mistrust any partners and supporters by founding a new political party in South Kurdistan called the (Kurdistan National Union) in 1975. Through this, the dreams and aspirations of the Kurdish people were revived as a result, and the political and armed conflict known as the (New Revolution).


**Key words**: Jalal Talabani, Political Role, Kurdistan Democratic Party, Kurdistan National Union, September Revolution.